# ناوداران



عەبدولڕەحمان بەگی بابە

ئـەم شـاعیرە نـاوی عـەبدولڕەحمان بـەگی کوڕی ئەحمەد بەگی کوڕی خـالید بـەگی کـوڕی سلێمان پاشـایە. لـە بنەماڵەی بابانەکانەو لە ساڵی(١٨٧٨)دا لە سلێمانی لە دایک بووە، لە تەمەنی حەوت ساڵیەوە چۆتە لای حاجی مەلا زلزلی، قورئانی پیرۆز، ئیسماعیل نامە، گوڵستانی سەعدی و دیوانی حافزی شـیرازی خوێندووەو زمانی تورکی بە باشی زانیوە. سەرەتا نازناوی شیعریی (حزمی) بووە تا لە ساڵی (١٩١٨) دا گۆڕیەتی بە (بابە). لە گەلێك دەزگای میریدا کاری کردووە، تا ساڵی ١٩٤٢ خانەنشین کراوەو هەر لە هەمان ساڵدا کۆچی دوایی کردووەو لە گردی مامەیارە لە تەنیشت پیرەمێردەوە نێژراوە.

ئا: جەمال حسێن

# هەمەڕەنگ



## پاستیل

لەهونەری وێنەکێشاندا چەندین جۆر بۆیە هەیە، لەوانە: زەیتی، ئاویی، پاستیل و پێنووسی ڕەنگاوڕەنگ، کە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە. پاستیل یەکێکە لەو جۆرە بۆیانەی کە لە زۆر کۆنەوە لەلایەن وێنەکێشە جیهانییەکانەوە بەکاردەهێنرێت. شێوەکەی بەئەندازەی پێنووسێکی دارەو بەرگێکی کاغەزی ڕەنگاوڕەنگی تێوەپێچراوە بۆ ئەوەی لە کاتی بەکارهێنانیدا دەست پیس نەکات. پاستیل لەسەر کاغەزو کارتۆن بەکاردەهێنرێت و دوو جۆری هەیە: پاستیلی چەورو پاستیلی وشك.

ئا: پەپوولە
وێنە: غەمگین

## ژاڵە



درەختێکی هەمیشە سەوزو تەمەن درێژە. لە گەرمیان و لە کوێستان چ بە ڕەگ و چ بە قەڵەمیش دەڕوێت. لە کەژی خۆیدا ژاڵەی جۆری تری لێ موتوربە دەکرێت. ژاڵە گەلێ چەشنی هەیە، ژاڵەی ئەمەریکی لەهەرە باشەکانە، چونکە دوای پوکانەوەی گوڵەکانی پرۆشەی ئەوتۆی پێوە نییە، گەر هەڵیوەرێ ژێرەوەی خۆی پۆشاوی ناکا. ژاڵە، لە کەژو کێوەکان بنجە دارێکی بچووکەو زۆر لە زەوی بەرز نابێتەوە، بەڵام کە دەستی مرۆڤی گەیشتێ و خزمەت کرا دەبێتە درەختێکی گەورەو لە سەرەتای بەهارەوە بەردەوام گوڵ دەردەکات و تا سێ وەرز دەخایەنێ. گوڵەکانی: سووری تۆخ، سووری کاڵ، شەرابی، پەمەیی، سپی و زەردن. گوڵە ژاڵە گەرچی بۆنی نییە، بەڵام دیمەنێکی نیگار نازداری هەیە. گەڵاکانیشی لوس و باریك و ئەستورن و هەتا بڵێی تاڵن. کۆبونەوەی جوانی و تاڵی لە ژاڵەدا وای کردووە چەندین هۆنراوەو بەیت و باڵۆرەی لەسەر بوترێ.

ئەحمەد حسێن
وێنە: بێگەرد عوسمان